www.kurdistannet.org

# تامان شاكر
# حەمەسەعید حەسەن دەدوێنێت

* ئەوە خۆت دەزانیت تا ئێستا چەند جار رەخنەت لێ گیراوە؟

** بۆ نووسەر کارەسات ئەوەیە کەس ئاوڕی لێ نەداتەوە. هێندەم لەسەر نووسراوە، زۆر ئەستەمە، ئەگەر نەڵێم مەحاڵە بتوانم بە دروستی وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە. نەک هەر گوتار تەنانەت هێندە کتێب و نامیلکەشم لەسەر نووسراون، زەحمەتە هەموویانم وەبیر بێنەوە. هەیە لە ژیانیدا یەک جار نووسیوێتی، ئەویش دژی من. هەیە تەنیا یەک نامیلکەی بڵاو کردووەتەوە، ئەویش دژی من. ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی نووسینم (بەرد)یش دەبزوێنێت. ئەوانەی رەخنەیان لێ گرتووم، هەر چۆنێک بەرهەمی منیان هەڵسەنگاندبێت، هەر ماڵیان ئاوابێت، گرنگ ئەوەیە، بایەخیان بە نووسینەکانم داوە. تەنانەت لەوانەش بێ بەڵگە تاوانیان وەپاڵم داوە، زویر نیم. من دەمێکە بە چەکێکی خاوێن کە قەڵەمەکەمە، لە زۆر قۆڵەوە، سەرقاڵی شەڕێکی پیرۆزم، بۆیە هیچ بە لامەوە سەیر نییە کە زوو زوو دەبمە نیشانە بۆ تیری پلاری قەڵەمکێشان و نیشتمانفرۆشان. من بە بەڵگەوە رەخنەی دروست دەگرم و ناحەزانیشم لەبری ئەوەی وەڵامی بۆچوونەکانم بدەنەوە، پەلاماری خودی خۆم دەدەن.

* تۆ هەمیشە دەنووسیت، بە راست بە نووسین دەژیت؟

** بێ نووسین دەمرم، نووسین قەدەری منە. شیعر و تەور ١٩٩٨، هونەری راوەژن ٢٠٠٠ و زەردەخەنەی فرمێسک ٢٠٠٢، ئەو داهاتەی بە هۆی ئەو سێ کتێبەمەوە دەستم کەوتووە، بژێوی پێنج شەش ساڵی باکووری ئەورووپامی دابین کردووە، لە باشووری کوردستان پێی ژیابام، بەشی بیست ساڵی دەکردم.

* خۆت کتێبەکانت چاپ و بڵاو دەکەیەوە؟

** تەنیا خۆم نا، ئاخر تا ئێستا بێجگە لەو کتێبانەی خۆم چاپم کردوون، زۆر دەزگا، لایەن، کتێبخانە و چاپخانە کتێبیان بۆ چاپ و بڵاو کردوومەوە. (پەیام) یەکەم کتێبخانە بوو کە ١٩٧٩ کتێبی(وشەکان دەگەڕێنەوە..)ی بۆ چاپ کردم. لە شاخ چاپخانەکانی ینک و حشع و ئاڵای شۆڕش سەرو دوو کتێبیان بۆ چاپ و بڵاو کردوومەوە. لە سوێد وێڕای (تێریس) و (ڕۆسنگۆرد) کە دوو دەزگای پەخشی سوێدین، (ئاپێک، کتێبی هەرزان، سارا، هەڵەبجە و هەنگاو)یش کتێبیان بۆ چاپ کردووم. دوا کتێبم دەزگای ئاراس چاپی کردووە.

* زێتر لە کوێدا دەنووسیت؟

** بە دەگمەن سەرنووسەری بڵاوکراوەیەکی کوردی هەیە، داوای نووسینی لێ نەکردبم. بە دەگمەن رۆژنامە، هەفتەنامە و گۆڤاری کوردی، چ لە کوردستان و چ لە هەندەران هەیە، بەرهەمی منی تێدا بڵاو نەبووبێتەوە.

* جاری وا هەیە هەمان نووسینیت لە سێ شوێندا بڵاو دەبێتەوە!

** ئەوە جێگەی سەرسوورمان نییە. گەلێک جار دیومە نووسەرێکی ناوداری عەرەب، هەمان نووسینی، هەمان رۆژ لە (حەیات)ی بەیرووتی و لە ئەهرامی قاهیری و لە شەرقلئەوسەتی لەندەنیدا بڵاو بووەتەوە.

www.kurdistannet.org

هەر بۆیە ئاساییە هەمان نووسینی منیش لە ستۆکهۆڵم لە (گزینگ) دا و لە هەولێر لە (گوڵان) دا و لە ورمێ لە (سروە)دا بڵاو ببێتەوە.

* خوێنەرەکانت چیت بۆ دەنووسن؟

** زۆر شتی جوان دەنووسن، پشتگیریی وان نەبووایە، دەستبەرداری نووسین دەبووم. خوێنەرێکم لە هۆڵاندەوە بۆی نووسیبووم: (لە رووی دەروونییەوە ناساخ بووم، هیچ سوودم لەو حەبانە نەدەبینی کە دۆکتۆرەکەم بۆی نووسیبووم، بە خوێندنەوەی نووسینەکانی تۆ چاک بوومەوە.) بەزەییم بەو کۆلکەنووسەرانەدا دەێتەوە، کە بە هەڵە یان بە دەگمەن نەبێت، میوانێک سەردانی نووسینیان ناکات و کەچی هێندە فەقیرعەقڵن، هەر بێهوودە خۆیان ماندوو دەکەن و واز لە نووسینی لەڕ و لاغر و لاواز ناهێنن، هێندێکیان هێندە قەڵەندەرن، بۆ ڕاوکردنی خوێنەر ناوی من دەکەن بە ناونیشانی باسەکانیان.

* زۆر کەسیش بە نووسینی تۆ (دەهەری) دەبن و پەرووباڵیان لێ دەروێت!؟

** ڕاستە، زۆرن ئەوانەی بە ساتیرم، هاوسەنگییان تێک دەچێت، بەڵام ئەوە گەشترین لایەنی ساتیری منە، ئاخر باڵاترین ساتیر ئەوەیە، بە جۆرێک مەبەست بپێکێت، ئەنگاوتە ئاوەز لە دەست بدات، جڵەو بۆ سۆز شل بکات و هانا بۆ چەکی بێدەسەڵاتان، بۆ جنێو، ببات.

* هەندێک لەوانەی ساتیرەرخنەیان لێ دەگریت، بە نەخۆشت لە قەڵەم دەدەن!

** ئەوانە ئەگەرچی دەروونناس نین وەلێ ڕاست دەکەن، من وەک پێشتریش ددانم پێدا ناوە، شیزۆفرینیام هەیە، واتا: کەسایەتیم کەرت کەرت بووە، هاوزەمان ڕەخنەگر، شاعیر، ساتیرنووس و وەرگێڕیشم! ئەوانەی بە دەروونناساغ نێوزەدم دەکەن، شپرزەییەک بە نووسینەکانیانەوە دیارە، گەر پەرەگرافێکی هەر گوتارێکیان پیشانی دەرووناسێک بدرێت، یەکسەر لە نەخۆشخانە دەیان خەوێنێت.

* لە سۆنگەی چییەوەیە، ڕێبەرانی کورد، بە بایەخەوە سەرنجی نووسینەکانت دەدەن؟

** قسەی سەر زارم، قسەی دڵی خەڵکە و وەک پەتا بە نێو لایەنگرانیاندا بڵاو دەبێتەوە. کە دەنووسم، مەبەستمە ئەو سەرمایەیەی بە کۆششی خۆم پێکەوەم ناوە، لە کیسم نەچێت، هەوڵ دەدەم شتێک نەنووسم ئاستی لە هی نووسینەکانی پێشووم نزمتر بێت. کە دەنووسم، هەمیشە کۆمەڵێک خوێنەری هۆشیاری خۆم، کە یەک یەک دەیانناسم، لەبەر چاومن و لە هەوڵی ئەوەدام نائومێدیان نەکەم، لەوان بترازێت، دنیام لێ بڕەنجێت مێشێک میوانم نییە، ئەوەم لە کن گرنگە ناپاکیی لە پرەنسیپەکانم نەکەم. کە دەنووسم بەرژەوندیی خودی خۆم ڕەچاو ناکەم، ئیدی ئەوە هەر کێشە نییە لای من، کام ڕێبەر نووسینم پەسەند دەکات و کامیان دڵی لێم دێشێت.

* ئەوە بە مەبەستی چی هێندە زوو زوو فەریکەنووسەران پەلامارت دەدەن؟

** ئەوانە لە ڕێی بریندارکردنی منەوە، هاوزەمان دەرۆزەی ناوبانگ و سۆزی فلان یان فیسار دەسەڵاتدار کە ڕەخنەم هەراسانی کردووە، دەکەن.

* کێ قارەمانی ئەو شیعرە ناسکانەیە کە پێم وایە لە ناخی دڵتەوە هەڵدەقوڵێن؟

** ئەوە گرنگ نییە، گۆران هۆنراوەی (دوا سەرنج)ی بۆ کام قژزەرد گوتووە، گرنگ ئەوەیە شیعرێکی جوانی نووسیوە. دەق نەمامێکە با زادەی چیرۆکێکی واقیعیش بێت، ئەگەر بە خەیاڵ ئاو نەدرێت، نابێتە

www.kurdistannet.org

شیعر. شیعر ئەوە نییە، ڕەخنەگران پەسەندی دەکەن، ئەوەیە، ئەویندارا‌ن خۆیانی تێدا دەبیننەوە و بۆ یەکتری دەنێرن.

* تۆ هێندە بایەخ بە زمانی نووسین دەدەیت، تەنانەت زمانی ڕەخنە سیاسی و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیشت شیعریان لێ دەچۆڕێت!

** نووسین نمایشە لەسەر شانۆی ژیان، ئەوی بەسەر زماندا زاڵ نەبێت و بنووسێت، وەک گۆرانیبێژێکی بەسەر دێت، لە گەرمەی چڕیندا شیعری گۆرانییەکەی لەبیر چوو بێتەوە. نووسین گەمەیە بە وشە، ئەوی شارەزای ڕێساکانی ئەو گەمەیە نەبێت و بنووسێت، وەک ئەوە وایە مەلە نەزانێت و خۆی لێ بووبێت بە نەهەنگ! ئەوی توانای بە زمانێکی پوخت و پاراو نووسینی نەبێت و بوێرێت بنووسێت، یان کاڵفامە یان ڕووقایم، یان هاوزەمان ئەمیشیانە و ئەویشیان.

* بیست و چوار ساڵی ڕەبەق بوو
لە سەرانسەری وڵاتا
پۆلیس وێنەی دیکتاتۆری
دەدا لە دار و دیوار و بەرد و بەرۆک،
بەڵام کە جامی ئارامی خەڵکی پڕ بوو
کاتێ سوڵتانی ترسنۆک
لەبەر پێی شەپۆلی تووڕەی
زەریای خەڵکا هاتە سەر چۆک
لە چەند سەعاتێکی کەما
وێنەیەکی لەتوپەتنەکراوی سەرۆک
لە هەموو وڵاتا نەما.

ئەم شیعرەت لە (١٩٨٩)دا نووسیوە و لە کۆمەڵەشیعری (لە سایەی چەقۆدا) بڵاوت کردووەتەوە، لە (١٩٦٨)ەوە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەکاتە نزیکەی بیست و چوار ساڵ دەسەڵاتی بەعس، لە (١٩٧٩)شەوە کە سەددام بووە سەرۆکی عێراق تا ٩ی ئەپریلی ٢٠٠٣ کە بەعس ڕووخا، هەر دەکاتە بیست و چوار ساڵ! تۆ لە (پاشای عەرشی کەلاوە)شدا، دوو ساڵ پێش ئەوەی بقەومێت، پێشبینی شەڕەکەی ١٩٩٤ت کردبوو، ئەوە ڕێکەوتە یان غەیبت پێیە؟

** نە ئەمیانە نە ئەویان. وەک چۆن منداڵ هەیە، ئاوەزی پێش تەمەنی دەکەوێت، شاعیریش کەسێکە پێش سەردەمەکەی دەکەوێت، هەر هی ئەوەشە شیعری جوان بە نەمریی دەمێنێتەوە، ئاخر دەشێت ئەو پرسانەش بەسەر بکاتەوە کە لە داهاتوودا، دێنە گۆڕێ. چوارینەکانی خەیام کە ئێستاش بە لای ئێمەوە جوانن، هی ئەوەیە ئەو شاعیرە سەدان ساڵ پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە. پێ دەچێت یەکێک لە ئەرکەکانی شیعر پێشبینیکردن بێت، وەک ئەحمەد موختاری جاف پێشبینی کردبوو، هێشتا ڕێگای ئاسن نەگەیشتووەتە هەورامان، وەلێ ڕۆژێ دادێت، بگات.

شاعیریش وەک هەر ئینسانێکی دیکە، خەونی جوان دەبینێت، وەک خەوبینین بە هەرەسی بەعسەوە، مۆتەکەش چۆک لەسەر سنگی دادەدات، وەک خەونی ناخۆشی پێشبینیکردنی شەڕی ناوخۆ، وەلێ نە نوقڵانە بۆ هەرەسی بەعس لێدان، زادەی گەشبینییەکی بێ بناغە بووە، نە پێشبینیکردنی شەڕی ناوخۆش زادەی ڕەشبینی و نائومێدی بووە. شاعیر ئەگەر شتێکی گرنگتری لە خەڵکی ئاسایی پێ نەبێت بۆ گوتن، هەق نییە بئاخفێت.